
# کاتی ئەوە نەهاتووە بەجددی بیر لەداڕشتنی یاسایەک بکرێ

**دەمێکە پرسی پاراستنی مافی هونەرمەندان بەشێوەیەکی گشتی باسی لێوە دەکرێت، تەنانەت هەندێك لەهونەرمەندان**

ئا/ بەهرە سدیق


ئامانج غازی


باکوری


حمە ڕەئوف کەرکوکی


جەمال محەمەد ئەدیب


قادر ئەسعەد

### تا ئێستا وەك بابەتێکی لاوەکی سەیر دەکرێ

سەرەتا مامۆستای هونەرمەند ئامانج غازی گوتی «ئەم بابەتە دەمێکە باسی لێوە کراوە بۆماوەی ١٠ ساڵێك دەبێت، کۆمەڵێك خەمخۆری ئەو بوارە کۆبوونەوە بۆئەوەی بتوانن شتێك دابڕێژن لەبەرژەوەندی هونەرمەندان دابێت لەهەموو بوارەکان نەك تەنیا لەبواری گۆرانی موزیك یان گۆرانیبێژ یان مافی ئەو پاراستنە کێ بگرێتەوە، دیارە کۆمەڵێك پسپۆڕ لەو بوارەدا کاریان کردووە چ یاسا ناسان یان ئەو هونەرمەندانەی کە بەئەزموونن ئەم کارە بکەن، ، دیارە ئەوەش خەم ساردیە بەڕاستی تا ئێستا لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمان ئەو بابەتەی وەك و بابەتێکی زیندوو نەخستۆتە بەرنامەی کاری خۆیانەوە لەبەر بابەتی تر، دەتوانم بڵێم ئەو بابەتانە وەك کۆڵەگەیەکی سەرەکی کاری پێ دەکرا لەبەردەم پارستنی مافی هونەرمەندان، من وەك پسپۆڕێك ئەوە باس دەکەم کە موزیك نەبۆتە بابەتێك وەکو بابەتەکانی تر گوێی لێ بگیرێ، تائێستا وەکو بابەتێکی لاوەکی سەیر دەکرێ، بۆیە پێویستە ئەو بابەتە لەلایەن پەرلەمان و وەزارەتی ڕۆشنبیری بەجددی و گەرموگوڕی سەیر بکرێت، ئێستا لەهەموو وڵاتاندا دەتوانم بڵێم سوودانیش یاساییەکی وایان بۆ هونەرمەندان داناوە کەیەکانگیرە لەگەڵ ئەو بوارانەی مافی مرۆڤ سەیردەکرێت، وەکو ئەوە سەیر دەکرێت کە لەگەڵ ژیاندا ئاوێتەو ئاوێزان کراوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو یاساییە نەك زیندوو بکرێتەوە، بەڵکو بەڕای هونەرمەندان و پسپۆران زیاتر دەوڵەمەند بکرێ و بکرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

### خۆم داوای خانەنشینم کردووە خانەنشینم ناکەن

هونەرمەندیش وەك هەر کەسێك پێویستی بە خانەنشین کردن هەیە، سەبارەت بەم باسە هونەرمەندی گەورە باکوری دەڵێ «پێش چەندین ساڵ ئەم مسوودەیە هەیە، ئەوکاتە خوا لێخۆشبوو بەکر ئیسماعیل بڕیاردەری پەرلەمان بوو ئەندام بوو، نوسخەیەکی لەو مسوودەیەی بۆم نارد کەچەند کەسانێك دایاننابوو بۆ ئەوەی ڕای خۆمی لەسەری بدەم، تائێستا لامان مایە کە باسی مافی هونەرمەندان و چەندین بابەتی کردووە، دواتر ناردمانەوە پەرلەمان و نازانم چی لێهات، پاش ماوەیەك سەرلەنوێ بابەتێکی لەم جۆرە گەڕاوە بەردەم پەرلەمان کە گوایە باسی ماف و خانەنشینی هونەرمەندان دەکات، کەواتە ئەو مسوودەیە زۆر پێویستە ئێمەی هونەرمەندان زۆر بێبەشین لەمافەکانمان، هەندێك هونەرمەند هەیە لەماڵ کەوتووە و هەندێك نەساغە، بۆیە خانەنشینی زۆر پێویستە بۆ هونەرمەندان و دەبێ چاوێکی پێدابخشێنن، ئەمە لەهەموو جیهان هەیە و کاری پێدەکرێت بەس لای ئێمە نییە، پەرلەمان کەمتەرخەمە لەڕووی ئەوبابەتەوە، ئەوە ئیشی ئەوە ئەگەر نەیکا کێ دەیکات، بەڵام تا ئێستا هیچ دیارنییە من وەك خۆم چەندین جار بۆخانەنشینی داوام کردووە، بەڵام وەڵام دانەوە نەبووە.

### دەمێکە لە پەرلەمان کۆتایی پێهاتووە

هونەرمەندی خاوەن ئەزموون حەمە ڕەئوف کەرکوکی دەڵێت «ئەم بابەتە دەمێکە کۆتایی پێهاتووە لەپەرلەمان، پێموایە جێبەجێ ناکرێت، چونکە کاتی خۆی زۆر

# ـــرێتەوە بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان ؟

**بەئاشـــکرا بێزاری خۆیان لەباسکردنی دەربڕیوە بەجۆرێك کە بێ ئومێد بوونە لەچارەسەرکردنی، بەڵام هەر بەردەوامیشن لەسەر کارە هونەرییەکانی خۆیان، لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێ و هاتنەوە ئارای مەسەلەی گۆڕانکاری لەحکومەت و و وەزارەتەکان بەپێویستمان زانی ڕای چەند هونەرمەندێك وەربگرین سەبارەت بەم پرسە.**

باســـمان لێوە کردووە، پێمان خۆشە لەساڵی نوێـــدا داکۆکـــی لەمافـــی هونەرمەندان بکرێت و بکرێتە پرۆژە یاساییەك و بدرێتە پەرلەمـــان، هەرچەندە پێشـــتریش خراوەتە بـــەردەم پەرلەمان، بەڵام بەداخەوە وەڵامیان نەبووە. شتێکی باشە بتوانن لەساڵی نوێدا بخرێتـــە بـــواری جێبەجێکـــردن بۆئەوەی مافی هونەرمەندان پارێزراو بێت بەهەموو شێوەیەك.

## پێنج ساڵە ئەم پرۆژەیە هەیە


هەروەها هونەرمەند جەمال محەمەد ئەدیب سەرۆکی تیپی موزیکی دهۆك دەڵێ:

بەلێ دەم هاتیە و گەلەك بسەرڤە چوویە لدەمەکی دا ل ســـالا ٢٠٠٥ لسەر ٢٠٠٦ وەك پێزانینێن من ئەز بەشـــدار بوم دگەل چەنـــد هونەرمەندەکێن دی چەند گفتوگو هات کرن. ســـەبارەت یاسایەك بهێتە دانان بو پاراستنا مافێ هونەرمەندان. ٤ روژان ئەف روینشـــتنە هاتە کـــرن. گەلەك خال هاتنە شـــلوڤەکرن و بدیتنا من ژی هەمی ئەو خال دبـــاش بوون بو هونەرمەندان. لێ هەتا ئەڤروکە من چ نە بێســـیە ؟ وە بریار بو ئەوە خالێن هاتینە شرۆڤەکرن. رەوانەی ســـەروکاتیا ئەنجومەنێ وەزیـــران بیت و پاشـــان بو پەرلەمانێ کوردســـتانێ ژ بو پەسەند کرنێ بەداخەوە کو تا نوکە ڤەمایە. و لـــدور پێزانینێـــن من ژلایێ ســـەندیکا هونەرمەندێن کوردســـتانێ ڤە کو کار تێدا هاتیـــە کرن دڤی بابەتـــی دا کو رەنگە د قوناغا دوماهیـــێ دابیت. کو جهێ خوش حالییێ یە کو پەســـەند بیـــت. بەلام ئەڤە (٥) ســـالە ئەڤ پـــروژە ڤەمایە ئەز دێ پرسیارێ ژ هونەرمەندێن خودان خزمەتێن مەزن هەنە ئو ئەڤێـــن بەردەوام درازین یان نە ؟ دیســـان یا پێتڤیە کو گەلەك پیتە ب بابەتی خانە نشـــینێ بهێتە دان. کو هەول پێ هاتیە دان لدویف زانیارییێت من نوکە ل وەزارەتا رەوشەنبیری و لاوانە. هیڤیدارین کو ئەو ژی سەربگریت. دیسان یاسایەك هاتبـــا دانان بو وان هونەرمەندێن ئەوێن خزمەتەکا مەزن هەی.

## داوا دەکەم بەجدی خەمێکی لێ بخۆن

هونەرمەند قادر ئەسعەد سەبارەت بەم پرســـە گرنگە بەو شێوەیە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: مـــن هەر لەکاتی دەســـت بەکاربوونـــی کابینـــەی شەشەم نامەیەکم ئاڕاستەی کردن سەبارەت بەدەرکردنی یاسایەک بۆ داکۆکی کردن لەپاراستنی مافی هونەرمەندان بەگشتی، بەڵام زۆر بەداخەوە دیارە زۆر لایان مەبەست نەبـــوو بپپرژێنە ســـەر کارێکی ئـــاوا گرنـــگ کـــە جێگای خۆشحاڵی توێژێکی پێشەنگی ئـــەم کۆمەڵگەیە بـــوو، بۆیە ئەم جارە لەڕێـــگای گۆڤاری گوڵانی خۆشەویســـت هەمان نامە ئاراســـتەی تەواوکەری ئـــەم کابینەیە دەکـــەم کە زۆر بەجـــددی خەمێـــک لەدەرکردنی یاسایەک بکات بۆ پاراســـتنی مافەکانمان، کـــە گومانم لـــەوەدا نییە ئەگەر کەسایەتێکی وەکو بەڕێـــز کاک نێچیرڤـــان بارزانی دەســـت بەکاربوو، ئـــەوا ئەمجارە ئاشـــناو دڵخۆشمان دەکات

# براد بێت نهێنییەکەی ئاشکرا کرد



گۆڤـاری (W Magazine) بـراد بێتـی ئەسـتێرەی سـینەمایی هەڵبـژارد بۆ ئەوەی وێنەکەی لەبەرگ بـڵاو بکاتەوە بۆ ژمارەی داهاتووی کە لەمانگی شـوباتی داهاتوو بڵاو دەکرێتەوە.

گۆڤاری ناوبراو دیمانەیەکی لەگەڵ براد سـاز کرد و تێیدا باسـی لەزۆر لایەنی ژیانی خۆی کـرد، براد بێت ئەوەی ئاشـکرا کـرد کە زۆر بەدەگمەن لەفیلمەکانیـدا دەگریێ، بەڵام گوتی یەکێك لەفیلمەکانم ئەویش ئەوە بوو کاتێك بەرەو مۆنتریال دەڕۆیشتم لەڕێگادا تووشـی سکچوونێکی زۆر بووم، و لەئۆتێلێك دابەزیم کـە زۆر بێزاری کردبووم، چونکە کەشەکەم بەدڵ نەبوو.

براد هەروەها دەڵێ: دوو ڕۆژ پاش ئەم ڕووداوە فیلمـی (Life as a House)م بینی لەو فیلمەدا کیڤن کلاین ڕۆڵی پاڵەوانی دەبینی و دەیزانی کە تووشی شێرپەنجە بووە، بەڵام زۆر داخبـار بوو بۆ کوڕە بچووکەکەی، بۆیە خۆم هاتە پێش چاو بۆیە هەسـتم بەنارەحەتییەکی زۆر کـرد و زۆر گریام بـۆ کوڕەکانم ئەگەر تووشی هەمان هەڵوێست ببنەوە.

# هاوسەرەکە هاڤڵ گەڕایەوە سەر تەختی شانۆ

دوای تێپەڕبوونی تەنیا سـێ هەفتە لەسـەر کۆچی دوایی سەرۆکی پێشووی چیك ڤاتسلا هاڤڵ، داگمار هاڤلۆنای هاوسـەری بەشداری لەنمایشێکی شانۆییدا کرد کە لەبراگ نمایش کرا.

بەپێـی لێدوانەکانی هاڤلۆنا کـە ئەکتەرێکی سینەمایی و شانۆییە ئەم بەشداری کردنەی تەنیا بۆ کەمکردنەوەی بەشێك لەخەمەکانی بووە، لەم شانۆگەریەدا هاڤلۆنا ڕۆڵی شاژنی سکۆتلاند دەبینێـت، هەروەهـا بڕیار وایـە دوای چەند مانگێکی دیکە بەشـداری لەشانۆگەرییەکی دیکەشدا بکات و ڕەنگە دووبارە دەست بکاتەوە بەکاری خۆی و لەنمایشـی شانۆیی و کاری سینەماییدا بەشداری بکات.





# جنیڤەر هاسون و نمایشکردنێکی تێکەڵاو

دوای ئەوەی کچە ئەکتەری ئەمریکی جنیڤەر هادسۆن سیستمێکی خۆراکی قورسی پێڕەو کرد توانی نزیکەی ٤٠ کیلۆ گرام لەکێشی لەشی لەدەسـت بدات. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە زۆر شانازی بەخۆیەوە بکات و بڵاوکردنەوەی کتێبە تایبەتەکەی خۆی کە تایبەتە بەچۆنیەتی کەمکردنەوەی کێشـی لەش و بەناوی (memoir)ە بەدەرفەتێك زانی بۆ ئەوەی لەنێو چەند شارێکی ئەمریکیدا بگەڕێت و ڕیکلامی بۆ بکات، هەروەها بۆ ئەوەی لەنزیکەوە خەڵك بیبینن کە چۆن کێشی لەشی دابەزیوە و ئێستا لەشی چۆنە و چ جیاوازییەکەی هەیە لەگەڵ پێشـووتر و هەست بەچی دەکات، بۆ ئەم مەبەسـتە هادسۆن بەشـانازییەوە باسی لەوە دەکرد کە خاوەن ئیرادەیەکـی بەهێزە بۆیە توانیی لەو ماوەیەدا بەو شێوەیە کێشی لەشی دابەزێنێت و ئامۆژگاری کچانی کرد بەتایبەتی قەڵەوەکان بۆ ئەوەی بەهەمان شـێوە هەوڵ بدەن خۆیان لەکێشی زیادی لەش ڕزگار بکەن، چونکە مایەی گرفتی تەندروستی زۆرە.

# مادۆنا بڕوای بەخۆشەویستی نییە



هەرچەندە خانمە گۆرانیبێژی ناوداری ئەمریکی تا ئێستا دوو جار فەشەلی هێناوە لەژیانی هاوسەریدا، بەڵام ئەوەی ڕاگەیاند کە تا ڕاددەیەکی زۆر ڕۆمانسییە لەژیانی خۆیدا و بێئومێد نەبووە لەدۆزینەوەی سوارچاکی خەونەکانی.

بەڵام مادۆنا ئەوەشی ئاشکرا کرد زۆر زەحمەتە هەر کەسێك لەئێمە بگات بەخۆشەویستییەکی کامڵ لەژیانیدا و ئەو خۆشەویستییە هەر وەکو خەونێك دەمێنێتەوە بۆ هەر کەسێك، ئەم لێدوانانەی مادۆنا لەکاتی ئامادەبوونی هاتن لەیەکەم نمایشی فیلمی (W.E) کە لەبەریتانیا نمایش کرا و مادۆنا خۆی وەك دەرهێنەر بەشداری تێدا کردووە هەروەها بەشداریش بووە لەنووسینەوەی بەشێکی ئەم فیلمە نوێیە، وەك هەموو جارێك ستایلی جلوبەرگ و زێڕ قژی مادۆنا بوون بەباسی میدیاکان و لەگەڵ باسکردنی فیلمەکە ئەم لایەنەشیان فەرامۆش نەکرد و گرنگییەکی زۆریان پێیدا.



## تیریژ (تو رۆژی) کلیپ دەکات

دوای ئەوەی هونەرمەند تیریژ ئورمی کۆنسێرتێکی لە شاری ئیستەنبول ساز کر و جەماوەرێکی بەرچاوی کوردانی ئەو شارە ئامادەی بوون، کلیپێکی نوێی تۆمار کرد.

لەم بارەیەوە هونەرمەندی لاو تیریژ ئورمی بە گولانی ڕاگەیاند کەوا بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە کۆنسێرتێکی گەورەی لە شاری ئیستەنبول ساز کرد و ژمارەیەکی زۆری کوردانی ئەو شارەی ئامادەی بوون و بە یەکێك لە کۆنسێرتە سەرکەوتووەکانی دادەنرێت، تیریژ هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بە نیازی تۆمار کردنی یەکێك لە گۆرانییەکانی دوایین بەرهەمی خۆیەتی بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ تۆمار و بڵاودەکاتەوە، ئەویش گۆرانی (تو رۆژی) کە یەکێکە لە لەگۆرانییەکانی دوایین بەرهەمی خۆی بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ تۆمارو بڵاو دەکاتەوە ئەویش گۆرانی (تو روژی)یە.

گۆرانی تو رۆژی لە تێکست و ئاوازی خۆیەتی و بریار وایە لە ماوەیەکی نزیك لە کەناڵەکان بڵاوبکرێتەوە.



## جۆلیان بەجورئەتێکی زۆرەوە

کچە سەماکار و ئەکتەری بەناوبانگ جۆلیان هۆگ لەکاتی ئامادەبوونی خەڵاتەکانی (هەڵبژاردنەکانی جەماوەر) بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش لەلۆس ئەنجلۆس ئامادە بوو .

ئەوەی زیاتر بووە مایەی سەرنجی ڕۆژنامەنووسان ڕەنگی پێستی جۆلیان بوو کە شێوەیەکی برۆنزی سەرنجڕاکێشی وەرگرتبوو، ئەویش دوای ئەو سەردانەی بەو ماوەیەی دوایی ئەنجامیدا بۆ (سانت بارتیلیمی)، جۆلیان کراسێکی برۆنزی هەڵبژارد کە زۆر لەکراسەکەی کیم کارداشیان نزیك بوو، هەروەها ستایلی قژیشی گۆڕانێکی بەسەردا هاتبوو و تێبینی دەکرا کە جۆرێك لەگۆڕانکاری پێوە دیار بوو.

# خەڵاتەکانی گۆڵدن گلۆب دابەشکران و فیلمە درامیەکان پشکی یەکەمیان بەرکەوت

ئەمساڵ جیا لەزۆربەی ساڵان، زۆرینەی خەڵاتەکان بەسەر باشترین فیلمەکان دابەشکران، ئەمەش هەڵبەت لەسەر حسابی ئەکتەرەکان بوو، ئەگەرچی میرل ستریب، جۆرج کلۆنی و، کیت وینسلت توانیان دوای ڕکابەرییەکی گەورە، خەڵاتەکە وەرگرن، جێی باسە هیچ یەکێ لەو ئەکتەرانە ئەمە جاری یەکەمیان نییە ئەو خەڵاتە بەدەست دێنن.

گۆڵدین گلۆب، بریتییە لەتۆپێکی زێڕپۆشکراو، گوزارشتە لەکۆمەڵێك خەڵات کە ساڵانە دەبخشرێتە باشترین بەرهەمە سینەمایی و تەلەڤزیۆنیەکانی ساڵی پێشوو، بارەگاکەی لەشاری «بیڤرلی هیلز»ی ولایەتی کالیفۆرنیایە. خەڵاتەکان لەلایەن «کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسە بیانییەکانی هۆلیۆد» لەئاهەنگێکی گەورە و قەشەنگ و بەئامادەبوونی زۆرترین ئەکتەر و سینەماکاران و ڕەخنەگران و ڕاگەیانکاران، سەرەتای هەموو ساڵێك دەبەخشرێت، و لەساڵی ١٩٤٤ز ئەم خەڵاتە دامەزراوە، و بەدووەم خەڵاتی سینەمایی دەژمێردرێت لەدوای خەڵاتەکانی «ئۆسکار» لەئەمریکا.

خەڵاتەکانی گۆڵدین گلۆبی باشترین فیلمەکانی ساڵی ٢٠١١ز کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوو پێشکەش کران، بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

فیلمی «The Descendants» خەڵاتی باشترین فیلمی درامی وەرگرت. ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی «جۆرج کلۆنی» کە پاڵەوانی فیلمەکە بوو، خەڵاتی باشترین ئەکتەری وەرگرت.

هەر لەناو فیلمە درامیەکان، خانمە ئەکتەری ئەمریکی میرل ستریب بەقارەمانێتی لەفیلمی «The Iron Lady» خەڵاتی باشترین خانمە ئەکتەری وەرگرت. میرل لەفیلمەکە ڕۆڵی سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا دەگێڕێت. جێی وتنە دەگمەن میرل ستریب فیلمێکی هەبێت و خەڵاتە جیهانییە جۆراوجۆرەکان وەرنەگرێت، ئەمە جاری نۆیەمە ئەم خەڵاتە بەدەست دێنێت.

لەفیلمە کۆمیدی و میوزیکییەکان، فیلمی «The Artist» خەڵاتی باشترین فیلم بەدەست دێنێت و ئەکتەری پاڵەوانی فیلمەکەش «جان دوگاردان» خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئەو جۆرە فیلمانە بەدەست دێنێت.


خەلاتی باشترین خانمە ئەکتەر لەفیلمە کۆمیدی و میوزیکییەکان دەبێتە پشکی خاتوو «میشێل ولیامز» لەفیلمی «My Week With Marilyn» میشێل لەفیلمەکە زۆر جوان توانی ڕۆڵای مارلین مۆرۆ ببینێت.

دەرهێنەری فیلمی هوگۆ «مارتن سکورسیس» توانی خەڵاتی باشترین دەرهێنەر ببینێت، بۆ باشترین سینارۆ نووسیش «ودی ئالان» هەڵبژێردرا لەنووسینی سیناریۆی فیلمی «Midnight in Paris».

کەیت وینسلت خانمە ئەکتەری بەریتانیایی بەهۆی ئەو ڕۆڵەی لەکورتە زنجیرەی «دیپرێشن ئین میلدرد پییرس» بینیبووی، خەڵاتی باشترین کورتە زنجیرەی تەلەڤزیۆنیی گۆڵدین گلۆبی وەرگرت.
















## دوللی شاهین:

# هەموو ئاواتم بە دەستهێنانی ڕەزامەندی جەماوەرە









**کچە گۆرانیبێژ و ئەکتەری لوبنانی دوللی شاهین یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بەردەوام ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە گوایە سنوور و هێڵە سوورەکانی بەزاندووە، ئەو لە دایکێکی بەرازیلییە ئەمەش بە ئاشکرا بەر ووخسار و جوانییەکەیەوە دیارە، تەنانەت زۆر لەو کەسانەی ڕەخنەشی لێدەگرن پێیانوایە ئەو خۆ رووتکردنەوە و وروژاندنەی کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی گۆرانی و فیلمەکانی هۆکارە کەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لە ڕێگای باخۆس عەلوانی هاوسەرییەوە و لە دەرفەتێکی کورتدا بەم شێوەیە بۆ گوڵان دوا.**

**سەرەتای دوللی دەربارەی ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی دەکرێن گوتی:** من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە لایەنگیری ئەو جۆرە گۆرانی گوتن دەکەم کە تێیدا دەنگ و ڕەنگ تەواوکەری یەکترن، بەڵام لە سنوورێکی دیاریکراوە واتە مەبەستم ئەوەیە کە پێوستە هونەرمەند گرنگی بە شێوە و چۆنیەتی دەرکەوتنیشی بدات، بەڵام نابێ ئەمە لەسەر حیسابی گۆرانی و هونەرەکەی بێت هەر کەسێك کە مەرجەکانی گۆرانی گوتنی و هونەری تێدا بەدی دەکرێت بەتایبەتی ئافرەتە گۆرانیبێژەکان پێویستە گرنگی بە جوانی خۆیشیان بدەن، چونکە هەر مرۆڤێك بە شتێك هەستیارە و کاریگەری تێدا دەکات.

***هەر هونەرمەندێك هیوا وئاواتی خۆی هەیە ئاواتەکان خۆی دوللی چین؟**

- ئاواتی سەرەکی من ئەوەیە سەرکەوتوو بم لە هونەرەکەی خۆمدا سەرکەوتنیش بەوەوە دیار دەبێت کە جەماوەر لێم رازی بێت و ئەوەی پێشکەشی دەکەم چ لە بواری نواندن چ لە بواری گۆرانی گوتن مایەی خۆشحاڵی و ڕەزامەندی جەماوەر بێت، بۆیە ئاواتی گەورەی من ئەوەیە بچمە نێو دڵی جەماوەرەوە وئەو لێم رازی بێت، چونکە هەر هونەرمەندێك گۆرانی بۆ کەسانێك دەڵێت کە ئامادەن گوێی لێبگرن ئەگەر گوێیان لێی نەگرت کەواتە هیچی نەکرد.

*** سەرەتا بە گۆرانی دەستت پێکرد چۆن بوو رووت لە نواندن وسینەما کرد و چ فیلمێک زیاتر بووە مایەی دەرکەوتن و ناوبانگ دەرکردنت؟**

- من لە کلیپێکدا بەشداریم کرد و دەرهێنەری میسری خالید یوسف ڕۆڵی من زۆر بە دڵ لەو کلیپە بۆیە داوای لێکردم بەشداری لە سینەماشدا بکەم، فیلمی (ویگا) یەکێك بوو لەو فیلمانەی کە بووە مایەی زیاتر دەرکەوتن و ناسینم لەلایەن جەماوەرە.

*** تاچەند پشتت بە ئیغرا بەستووە بۆ سەرکەوتن؟**

- ئیغرایەکی زۆر بە هێزم پێشکەش نەکردووە جلوبەرگەکانم زۆر ئاسایین و هەر کچێکی لە تەمەنی من بووبێت ئەو جۆرە جلوبەرگانەی پۆشیوە، بەڵام ناشکرێ بە جلوبەرگی ئاساییەوە مەلەوانی بکەم

*** هاوسەرەکەت دەرهێنەرە ئەمە چۆن یارمەتیدای بۆ ئەوەی کاری زیاتر بکەی؟**

- باخوسی هاوسەرم دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرێکی بە توانایە لە کلیپەکاندا بەردەوام ڕێنماییم دەکات بۆ ئەوەی شتی نوێ و داهێنانی نوێ بکەم ولێرەوە زۆر سوپاسی دەکەم.

*** باخوس پێی ڕاگەیاندین کە حەز دەکات لە کوردستان چەند ئاهەنگ و کۆنسێرتێك ساز بکات، تۆ ئامادەی بێی بۆ کوردستان؟**

- بێگومان بە خۆشحاڵییەوە دێم بۆ کوردستان، ئێمە لە دۆستانی خۆمانەوە ئاگاداری بارودۆخی کوردستانین و پێشتریش چەند هونەرمەندێکی ناوداری لوبنانی سەردانی کوردستانیان کردووە و کۆنسێرتیان ساز کردووە، بۆیە لە ڕێگای ئێوەوە دەڵێم ئەگەر دەرفەت هەبێت و کۆمپانیا هونەرییەکان ئەو دەرفەتەمان بۆ بڕەخسێنن ئەوا بە خۆشحاڵییەو دێین بۆ کوردستان.